تەندروستی جیهانی: ڕێژەی توشبون تەنگەنەفەسی لە چین لەزیادبوندایە

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕایگەیاند، ڕێژەی تەنگە نەفەسی لە وڵاتی چین لە بەرز بوونەوەدایە.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، نیگەرانیی خۆی لە زیادبوونی حاڵەتەکانی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسەدان و هەوکردنی سییەکان لە چین دەربڕی و داوای لە دانیشتووانی وڵاتەکە کرد "ڕەوشونی خەپارەزی بگرنەبەر".

ئەو راگەیەندراوەی ڕێکخراوی تەندروستی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای ئەوە هات کە لە باکووری چین ژمارەی ئەو منداڵانەی تووشی نەخۆشییەکانی هەناسەدان و هەوکردنی سییەکان بوون بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، پەشنیاری ئەوە دەکات کە دانیشتوانی چین "ڕەوشونی پەویست بگرنەبەر بە کەمکردنەوەی مەترسی تووشبوون بەو نەخۆشییە".

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕاشیگەیاند، دەسەڵاتدارانی چین هەکاری زیادبوونی نەخۆشییەکانی تەنگەنەفەسی بە Covid-19 گەڵاندووەتەوە.